DOI:https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.11

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕۆڵی کەرتی گەشتوگوزار لە دابینکردنی هەلی کار لە شاری سلێمانی دا

ئارام أحمد عزیز - خوێندکاری ماستەر

بەشی جوگرافیا-کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان-عێراق

پ ی د.شیروان عمر رەشید

بەشی جوگرافیا-کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان-زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە:**

گەشتوگوزار جگە لەوەی دیاردەیەکی شارستانیی و کۆمەڵایەتیی و دەرونیی و پڕکردنەوەی پێداویستییە ڕۆحیی و فسیۆلۆجیاییەکانی مرۆڤە، بە دیاردەیەکی ئابووریی گرنگ و کاریگەر هەژمار دەکرێت، کە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لە پێشخستنی کەرتی ئابووریی وڵاتان و چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان لە سەروو هەموشیانەوە گرفتی بێکاریی. شاری سلێمانی وەکو تەواوی شارەکانی دیکەی عێراق بەهۆی گەشەی خێرای دانیشتوان، لەئەنجامی زۆربوونی سروشتی و کۆچی بەردەوام لە قەزا و ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری خۆیەوە ساڵانە ڕێژەی بێکاریی تێیدا زیاد دەکات. ئەمەش ئەوە دەخوازێت ڕۆڵی کەرتی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی لە رەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی شارەکە، و ئاست وریژەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە دابینکردنی هەلی کار لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٢٠ لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا پشت بەست بە داتا وزانیارییە بەردەستەکان هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت، چونکە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و رەخساندنی هەلی کار لە شاری سلێمانی دا. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە دەرخستنی واقیعی بەشداری کەرتی گەشتیارییە لە رەخساندنی هەلی کار لە شاری سلێمانی دا، بۆئەم مەبەستە پشت بەستراوە بە میتۆدی وەسفی شیکاریی بۆ دەرخستن و شیکردنەوەی داتاکان، هەروەها دابەشکردنی(٥٠) فۆڕمی راپرسی بەسەر دامەزراوە گەشتیارییە جیاوازەکان دا، وەک(هۆتێلەکان، رێستۆرانتەکان، کافتریا و گازینۆکان، مۆڵەکان و شاری یارییەکان). لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، بەگوێرەی شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان دەرکەوتووە رێژەی بێکاری ساڵانە لەناوچەی توێژینەوە زیاد دەکات و کەرتی گەشتیاریی بە سەرجەمی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکانەوە توانیویەتی  هەلی کار بۆ (١٧٥٦٤) کەس بڕەخسێنن ئەمەش دەکاتە (٣,٥٪) سەرجەمی دەستی کار لە شارەکەدا، هەروەها کەرتی رێستۆرانت و خواردنگەکان بە هۆی زۆرییانەوە توانیویانە ژمارەیەکی زۆر هەلی کار بڕەخسێنن. لە کۆتاییدا چەندین پێشنیار خراوەتەڕوو بەمەبەستی راکێشانی گەشتیاری زیاتر بۆ ناوچەی توێژینەوە و بووژانەوەی کەرتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان، و دۆزینەوەی هەلی کاریی زیاتر بۆ دانیشتوانی شاری سلێمانی، بە تایبەتی لە نێو توێژی گەنجانی بێکاردا.

**کلیلە وشەکان:**

**گەشتوگوزار، گەشتیار، خزمەتگوزاریی گەشتیاریی، بێکاریی، هێزی کار، شاری سلێمانی**

Recieved: 29/9/2021

Accepted: 20/10/2021



E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268

## پێشەکی

گرنگیی هەر کەرتێکی ئابووریی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە چەندە توانای هەیە هەلی کار بە هەردوو لایەنەکەیەوە لەرووی چەندێتی و چۆنێتییەوە بۆ دانیشتوان بڕەخسێنێت، کەرتی گەشتوگوزار بەشێوەیەکی گشتی و خزمەتگوزاریی گەشتیاریی بەتایبەتی بەهۆی بوونی ئەم گرنگییەوە بەکەرتێکی زیندووی ئابووریی دادەنرێن کە رۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لە کەم کردنەوەی کێشەی بێکاریدا، ئەمڕۆکە زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهان کەرتی گەشتیاریی بە کەرتێکی زیندووی ئابووریی دادەنێن، کەرۆڵی کارا دەگێڕێت لەدەستکەوتنی داهات، گەشەی ژێرخانی ئابووریی و لەهەموویشی گرنگتر رەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوان، بەتایبەتی ئەو بەشەی دانیشتوان کە بە هێزی کار ئەژمار دەکرێن.

بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیی تەنها لە ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی (١,٥) ملیار گەشتیاری دەرەکی و (٨) ملیار گەشتیاری ناوخۆیی لەسەر ئاستی جیهاندا تۆمار کراوە، ئەم ژمارە زۆرەی گەشتیاریش پێویستی بەخزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکانە، وەك شوێنی مانەوە و ریستۆرانت و شاری یاری و فرۆکەخانە، بۆ حەوانەوە و تەواوکردنی چالاکیە گەشتیارییەکان لەوناوچانەی گەشتی بۆ دەکەن. شاری سلێمانی لەگەڵ ئەوەی بنەمای راکێشانی گەشتیاریی گرنگی تێدایە بەڵام کەرتی گەشتیاریی گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە لەم ساڵانەی دواییدا نەبێت، ئەوەش بەهۆی گەشەی گەشتیاریی لە شارەکەدا و هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار بۆ ناوچەکە، هەروەها ناوچەی توێژینەوە وەکو تەواوی شارەکانی دیکەی عێراق بەهۆی گەشەی خێرای دانیشتوان لەئەنجامی زۆربوونی سروشتی و کۆچی بەردەوام لە قەزا و ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری خۆی و ئاوارەی شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە، ساڵانە رێژەی بێکاریی تێیدا زیاد دەکات، ئەمەش ئەوە دەخوازێت رۆڵی کەرتی گەشتیاریی لە رەخساندنی هەلی کار بۆ هێزی کاری شارەکە، و ئاست ورێژەی ئەم خزمەتگوزارییە گەشتیارییە لە دابینکردنی هەلی کاردا لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا پشتبەست بە داتا وزانیارییە بەردەستەکان هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت.

## گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە چالاکی گەشتیاریی لەشاری سلێمانی لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی باشی کردووە، و بەمەش کەرتی خزمەتگوزاریی گەشتیاریی لە ئەنجامی داواکاریی لەسەری بووژانەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، هەروەها بەهۆی ئەو گرنگییەی خزمەتگوزاری گەشتیاریی لە سەر بووژانەوەی ئابووریی شاری سلێمانی دروستیکردووە لە ناویشیاندا ڕەخساندنی هەلی کار، چونکە ناوچەی توێژینەوە وەك تەواوی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق گرفتی بێکاریی هەیە بەتایبەتی لەناو توێژی گەنجاندا.

## ئامانجی توێژینەوە:

١.دەرخستنی رێژەی بەشداری خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکانە لە رەخساندنی هەلی کار.

٢.دەرخستنی واقیعی بەشداریی کەرتی گەشتیارییە لە چارەسەرکردنی گرفتی بێکاری لە شاری سلێمانی دا.

## كێشەی توێژینەوە:

شاری سلێمانی لەگەڵ ئەوەی بنەمای گەشتیاریی باشی تێدایە بەڵام خزمەتگوزارییە گەشتیارییەكان گرنگیەكی ئەوتۆیان پێنەدراوە، بەهۆی قەیرانی دارایی و ئابووریی و ناسەقامگیریی رامیاریی و ئاسایشەوە لەم ساڵانەی دواییدا نەبێت، خزمەتگوزارییە گەشتیاریەكان كاریگەریی بەرچاویان دەبێت لەسەر بووژانەوەی كەرتی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە و رەخساندنی هەلی كار بۆ دانیشتوانەكەی.

## میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی وەسفی شیكاریی بەكارهاتووە بۆ ئامادەكردنی توێژینەوەكە، پشت بەست بە سەرچاوە زانستییەكان، هەروەها داتا و ئاماری فەرمی دامەزراوە پەیوەندیدارەكانی ناوچەی توێژینەوە، سەرەڕای سەردانی مەیدانی بۆ هەندێ لە دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەكان بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە بابەتی توێژینەوەكەمان، لە لایەكی دیكەشەوە پشتمان بە فۆڕمی راپرسیی بەستووە بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و داتای تایبەت بە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەكان، ئەوەش بە دابەشكردنی (٥٠) فۆڕم بەسەر دامەزراوە گەشتیارییە جیاوازەكان وەك(هۆتێلەكان، رێستۆرانتەكان، كافتریا و گازینۆكان، مۆڵەكان و شاری یارییەكان).

## گریمانەی توێژینەوە:

چالاكی گەشتیاریی هۆكاری گەشەكردنی كەرتی خزمەتگوزاری گەشتیارییە و كەرتی خزمەتگوزاریی گەشتیاریش لەشاری سلێمانی رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە دۆزینەوە و رەخساندنی هەلی كار بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ بەشێكی هێزی كار لە شارەكەدا.

## سنوری توێژینەوە:

لەرووی شوێنەوە: شاری سلێمانی

لەرووی كات و ماوە: ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٢٠

لەرووی نمونەی توێژینەوە: چەند دانەیەك لە دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەكان وەكو نمونەی توێژینەوەكە وەرگیراوە.

## پلانی توێژینەوە:

لە پێناو گەشتن بە دەرئەنجامی زانستی ورد توێژینەوەكەمان دابەش كردووە بۆ دوو باسی سەرەكی:

باسی یەكەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە(شوێنی جوگرافیایی، دانیشتوان، پێكهاتەی دانیشتوان، چەمك و زاراوەكان، دەستی كار لە كەرتی گەشتیاریی، لێكەوتەی ئابووریی كەرتی گەشتوگوزار)

باسی دووەم: رۆڵی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەكان لە رەخساندنی هەلی كار لە ناوچەی توێژینەوە دا (دەستی كار لەخزمەتگوزارییە گەشتیارییەكان لە ناوچەی توێژینەوە، رەگەزنامەی دەستی كار لە ناوچەی توێژینەوە)

**باسی یەکەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە**

لـەم باسـەدا هەوڵدەدەیـن لایـەنی جوگـرافی ناوچـەی توێژینـەوە و چەمـك و زاراوە بەکارهاتـووەکانی نـاو توێژینەوەکـە روونبکەینـەوە، چونکـە لـە ئەنجامـدا کاریگەریـی بەرچـاوی دەبێـت لـە هەنـگاوەکانی توێژینەوەکـە و، بەرچـاوی خوێنـەر روونـدەکاتـەوە بـۆ تێگەیشـتنی زانسـتیی لـە بابـەتی توێژینەوەکـە.

١. ١. شوێنی جوگرافیایی:


شـوێن گرنگیـی و کاریگەریـی بەرچـاوی هەیـە لەزانسـتی جوگرافیـادا، لەبەرئـەوەی دیارییکـردنی شـوێنی ئەسـترۆنۆمیی، جوگرافیایـی و کارگێڕیـی هـەر شـار و ناوچـە و هەرێـم و دەوڵەتێـك بایەخـی تایبـەتی خـۆی هەیـە، چونکـە لـە ئەنجامدا کاردەکاتـە سـەر تـەواوی ڕەگـەزە جوگرافیـای سروشـتیی و مرۆیـی و ئابوورییـەکانی ناوچەکـە، شـوێنی جوگرافیایـی هـەر ناوچەیـەك بایەخـی گەشـتیاریی ئەوناوچەیـە دیاریـدەکات، نزیـکی ئەوناوچەیـە لـە ڕێـڕەوی گەشـتیاریی یـان لـە ناوچـەی داواکاریـی گەشـتیاریی دەبێتـە فاکتـەری ڕاکێشـانی گەشـتوگوزار، یـان بەپێچەوانـەوە شـوێنی کەنـار یـان پەراوێزخـراو لـە بایەخـی گەشـتیاریی ئـەو ناوچەیـە کـەم دەکاتـەوە.

ناوچـەی توێژینـەوە لـە ڕووی ئەسـترۆنۆمیەوە دەکەوێتـە نێـوان هـەر دوو بازنـەی پانیـی (٥٥= ٢٨- ٣٥°) و (٤٩= ٣٩- ٣٥°) باکـوور و هـەردوو هێڵـی درێژیـی (٥٢= ١٨- ٤٥°) و (١٩= ٣٠- ٤٥°) ڕۆژهـەڵات، لـە ڕووی جوگرافیاییـەوە شـاری سـلێمانی دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژهـەڵاتی عێـراق و ڕۆژهـەڵاتی هەرێمـی کوردسـتان، بڕوانە نەخشـەی ژمـارە(١-١)، شـاری سـلێمانی دەورە دراوە بـە هـەردوو چیـای گوێـژە و ئەزمـەڕ لـە بـەشی ڕۆژهـەڵات و باکـووری ڕۆژهـەڵات، لـە بـەشی باشـووری ڕۆژهـەڵاتی شـارەکە دەشـتی شـارەزور هەیـە، لـە بـەشی باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاواش زنجیـرە چیاکانی بەرانـان و گڵـەزەردە دەوری شـارەکەی داوە، لـە ڕۆژئاواشـەوە شـارەکە پەیوەندیـی هەیـە بـە بەرزاییـەکانی تاسـڵوجەوە، هەرچـی بـەشی باکـووری شارەکەشـە بریتیـە لـە چیـای پیرەمەگـرون، لـە ڕووی کارگێڕییـەوە شـاری سـلێمانی ناوەنـدی قـەزای سـلێمانیە، ڕووبـەری ئـەم شـارە(١٢٧,٧٨) کم٢، کـە دەکاتـە(١٢,٧٧٨) هکتـار وە(١,١٪)ی کۆی ڕووبـەری پارێزگای سـلێمانی پێکدەهێنێـت، قـەزای سـلێمانی هاوسـنوورە لەگـەڵ هەریەکـە لـە قـەزاکانی دوکان لـە باکـوور، شـارباژێڕ لـە باکـووری ڕۆژهـەڵات، چەمچەمـاڵ لـە ڕۆژئـاوای قەزاکـە، سەیدسـادق لـە ڕۆژهـەڵات، قـەزای شـارەزووریش دەکەوێتـە بـەشی باشـووری قـەزای سـلێمانی، و قەرەداغیـش لـە بـەشی باشـووری ڕۆژئـاوا، ژمـارەی گەڕەکەکانی شـاری سـلێمانی(١٦٢) گەڕەکـە، ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی بـە گوێـرەی خەمڵانـدنی سـاڵی ٢٠٢٠ کـە نوێتریـن ئامـاری بەردەسـتە (٩١١١٧٦) کەسـە (بەڕێوەبەرایەتـی ئامـاری سـلێمانی، ٢٠٢١). مـاوەی دووریـی شـاری سـلێمانی کـە ناوەنـدی پارێـزگای سلێمانیشـە لەگـەڵ هـەر یەکـە لـە شـارەکانی دوکان(٦٨)کـم، چوارتا(٣٠)کـم، چەمچەماڵ(٦٦)کـم، سـیدصادق(٥٢)کم، قـەزای شـارەزوور(٤٠)کم، قـەرەداغ(٤٦)کـم، هەروەهـا دووریـی شـاری سـلێمانی لەناوەنـدی پارێـزگاکانی هەڵەبجـە(٨١) کـم و کەرکوك(١٠٩)کـم وهەولێر(٢٠٢)کـم و بەغداد(٣٣١)کـم (بەڕێوەبەرایەتـی ئامـاری سـلێمانی، ٢٠٢١).

نەخشەی ژمارە(١-١)

شوێنی شاری سلێمانی بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠٢١.




١ .٢. دانیشتوانی شاری سلێمانی:

گەشـەی دانیشـتوان؛ یەکێکـە لـە دیارتریـن دیـاردە دیمۆگرافیاییـەکان لـە ئەمـڕۆدا، چونکـە بابەتێکـی گرنگـە بـۆ وڵاتـان بـە تایبـەتی وڵاتـانی تازەپێگەیشـتوو، کـە دانیشـتوان بەشـێوەیەکی خێـرا زیـاد دەکات بـە پێچەوانەشـەوە گەشـەی ئابووریـی زۆرێـک لـەم وڵاتانـە سسـت و لەسـەرخۆیە و لەئەنجامیشـدا کێشـەی بێکاریـی لێدەکەوێتـەوە.

سـەبارەت بـە ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی لـە سـاڵی ١٩٨٧ ژمـارەی دانیشـتوان (٣٦٤٠٩٦) کـەس بـووە بەڕێـژەی(٣٨,٢٪) کـۆی دانیشـتوانی پارێزگاکـە، لـە ساڵی ٢٠٠٢ ژمـارەی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە(٥٦٩١٢٣) کەس بـووە، کـە ڕێـژەی(٤٥,٥٪) کـۆی دانیشـتوانی پارێـزگای سـلێمانی لـەو سـاڵەدا پێکهێنـاوە، هـۆکاری زۆربـوونی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی بـەراورد بـە کـۆی پارێزگاکـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ زیادبـوونی سرووشـتیی و کۆچـکردنی هاتـوو لـە تـەواوی ناوچـەکانی پارێزگاکـە بـۆ سـەنتەری شـارەکە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بایەخـی پێگـەی کارگێریـی وبازرگانیـی و بـوونی

دەرفەتی کار لە شارەکەدا، هەروەها ئەو رووداوە سیاسیی و سەربازییانەی بوونە هۆکاری وێرانکردن و چۆڵکردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان و، نیشتەجێکردنی دانیشتوانیان لە سەنتەری شارەکان بەتایبەتی شارە گەورەکان، پشکی گەورەی لەم پرۆسەیەدا بەرکەوت، سەبارەت بە ساڵی ٢٠١٠ ژمارەی دانیشتوانی شارەکە(٥٨٨٦٥٢) کەس بووە و، گەشەی دانیشتوان بە رێژەی(٠,٤٢٪) بووە و، رێژەی(٣٢,٢٪) کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە. ئەوەی تایبەت بێت بە ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی ٢٠٢٠ لە ناوچەی توێژینەوە، زیادبوونی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان(٣٪) بووە، واتە ژمارەی دانیشتوان لەو ساڵەدا گەشتووەتە(٩١١١٧٦)کەس، بە رێژەی (٥٦٪)ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، بڕوانە خشتەی ژمارە(١-١).

خشتەی ژمارە(١-١)

گەشەی دانیشتوانی شاری سلێمانی و رێژەی بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی(١٩٨٧-٢٠٢٠)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | زیادبوونی ساڵانە | ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | رێژەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە پارێزگا ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٧[(١)] | ٣٦٤٠٩٦ | – | ٩٥١٧٢٣ | ٣٨,٢ |
| ٢٠٠٢[(٢)] | ٥٦٩١٢٣ | ٣ | ١٢٤٩٨٢٤ | ٤٥,٥ |
| ٢٠١٠[(٣)] | ٥٨٨٦٥٢ | ٠,٤٢ | ١٨٢٥٣١١ | ٣٢,٢ |
| ٢٠٢٠[(٤)] | ٩١١١٧٦[1] | ٣ | ١٦٣٧٠٨٧** | ٥٦ |

(١). وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي، بغداد، ص ٨١.

(٢). مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية واالبني الخدمية والارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة٢٠٠٢، بدون رقم الصفحات.

(٣). حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازیی(الحصر والترقیم)، ٢٠١٠، بەبێ ژمارەی لاپەڕە، داتای بڵاونەکراوە.

(٤). حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، راپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە وئیدارەکانی راپەڕین و گەرمیان، ٢٠١٩، ل٣٣.

١. ٣. پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە:

پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوان رەگەزێکی گرنگیی توێژینەوەی پێکهاتەی دانیشتوانە، چونکە لە رێگەی پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوانی هەر ناوچەیەکەوە بارودۆخی چالاکییە ئابوورییەکان، هێزی کار، ئاستی بەشداریی نێر و مێ لە چالاکییە ئابوورییەکان، ئایندەی گەشەی دانیشتوان و بێکاریی، پلانی داهاتوو شیکردنەوەی بۆ دەکرێت(صالح، ٢٠١٥، ١٣٩). هەروەها جۆری چالاکیی ئابووریی و سەرچاوە و داهاتی دانیشتوان پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە چالاکی گەشتیارییەوە، بە جۆرێك هەتاوەکو چالاکییە ئابوورییەکان زیاتر و داهاتی تاکەکەس بەرزتر بێت، خواست لەسەر گەشتوگوزار و چالاکیی گەشتیاریی زیاد دەکات(الأحمر، ٢٠٠٤، ٩٩).

بۆ تێگەشتن لە پێکهاتەی ئابووریی دانیشتوان، پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان دانیشتوانی چالاك لە رووی ئابووریی و دانیشتوانی ناچالاك لە رووی ئابوورییەوە. دانیشتوانی چالاك لە رووی ئابوورییەوە هەموو ئەو کەسانە

[1]*ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی، کە سنوری هەر چوار شارەوانی سلێمانی، بەکرەجۆ، راپەڕین و تاسڵوجە دەگرێتەوە.
** ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بە بێ پارێزگاکانی هەڵەبجە و ئیدارەکانی راپەڕین و گەرمیان.

دەگرێتـەوە لـە تەمـەنی کارکردنـدان و چالاکـن لـە ڕووی ئابوورییـەوە و، بـە هێـزی کار لەقەڵـەم دەدرێن و، بەشـێوەیەکی کرداریـی بەشـدارن لەبەرهـەم هێنـانی کاڵا و خزمەتگوزاریـی، و بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان توانـای جەسـتەیی و هزریـی خۆیـان بەگـەڕ دەخـەن لـە پرۆسـەی بەرهەمهێنانـدا، بـەڵام دانیشـتوانی ناچـالاك لـە ڕووی ئابوورییـەوە هەمـوو ئەوانـە دەگرێتـەوە، کـە لەبەرهەمهێنـانی کاڵا وخزمەتگوزارییـەکان بەشـداریی ناکـەن و تەنهـا بەکاربـەرن، ئەمـەش گروپـی تەمـەن خـوار(١٤) سـاڵ و گروپـی تەمـەن سـەروو (٦٥) سـاڵ و ژنی ماڵـەوە و خوێنـدکاران لـە هەمـوو قۆناغـەکانی خوێنـدن و پەککەوتـە و کـەم ئەنـدام و بەندکـراو و هتد..دەگرێتـەوە، هەرچەنـدە ئـەم توێژانـە دەڕۆنـە نـاو هێـزی کارەوە بـە مەرجێـک کار بکـەن و ببنـە خـاوەن داهاتـی خۆیـان.

بەگوێـرەی داتـاکانی بەردەسـت لەناوچـەی توێژینـەوە بـۆ سـاڵی٢٠٢٠ ئەوانـەی بەهێـزی کار هەژمـار دەکرێـن واتـە لـە گروپـی تەمـەنی کارکردنـن (١٥ بـۆ ٦٥) سـاڵ بـەم شـێوەیە دابەشـبوون، ڕێـژەی بێکاریـی(١٢٪) و ئەوانـەی کار دەکـەن(٨٨٪)، لـەم ڕێژەیـە(٤٢،٨٪) لەکـەرتی گشـتیی کاردەکـەن و ڕێـژەی(٥٧،٢٪) لـە کـەرتی تایبـەت و کەرتـەکانی دیکـە کاردەکـەن،

بەرزیـی داهـات ڕۆڵـیکی کاریگـەر و گرنـگ دەگێڕێـت لـە گەشـەی چالاکیـی گەشـتیارییدا، هەم لەسـەر ئاسـتی جیهانیی وهـەم لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی، چونکـە بـەرزی داهـات واتـە زۆربـوونی ژمـارەی گەشـتیاران بەمـەش داواکاریـی گەشـتیاریی زیـاددەکات، زۆربـوونی داواکاریـی گەشـتیارییش بەمانـای دامەزرانـدن و گەشـەپێدانی خزمەتگوزاریـی نـوێ و، لەئەنجامیشـدا وەبەرهێنـانی زیاتـر و ڕاکێشـانی سـەرمایەی زیاتـر بـۆ ناوچـە گەشـتیارییەکان و، لـە کۆتایشـدا ڕەخسـاندنی دەرفـەتی کاری زیاتـری لێدەکەوێتـەوە، لـە لایـەکی دیکەشـەوە بەرزیـی داهـات؛ واتـە ئەنجامـدانی گەشـتی دوورتـر، بەمـەش مـاوەی مانـەوەی گەشـتیار درێژتـر دەبێـت کـە دواجـار خەرجیـی گەشـتیار زیاتـر دەبێـت.

١. ٤. چەمك و زاراوەکان:

هەمـوو توێژینەوەیـەکی زانسـتیی ئـەوە دەخوازێـت چەمـك و تـەوەری سـەرەکیی بابـەتی توێژینەوەکـەی تێـدا ڕوونبکرێتـەوە، بەمەبەسـتی ئاشـناکردنی خوێنـەر بـە بابـەتی سـەرەکیی توێژینەوەکـە، لێرەدا چەمکـەکانی توێژینەوەکـە پێناسـە دەکەیـن.

أ- گەشتوگوزار:

گەشـتوگوزار بـە دیاردەیـەکی جیهانیـی دادەنرێـت، کـە توێـژەران و پسـپۆڕان و دامـەزراوە ناوخۆیـی و نێودەوڵەتیـەکان لەسەرتاسـەری جیهانـدا هەوڵـی زۆریانـداوە پێناسـەیەکی هاوبـەش و ڕێکخـراو بۆئـەم چەمکـە بدۆزنـەوە، بـەڵام بەهـۆی فرەڕەهەنـدی بابـەتی گەشـتوگوزار هەمـووان ڕاوبۆچـوون و پێناسـەی جیاوازیـان هەیـە بـۆ بابەتەکـە، ڕێکخـراوی گەشـتوگوزاری جیهانیـی(W.T.O) دەڵێـت: گەشـتوگوزار کۆمەڵـێ چالاکییـە کـە کەسـێك یـان چەنـد کەسـێك دوور لـە ناوچـەی نیشـتەجێبوونی هەمیشـەییان ئەنجامـی دەدەن بەمەبەسـتی پڕکردنـەوەی کاتـەکانی بەتاڵیـی و حەوانـەوە، بـەلای کەمـەوە شـەوێك و بـەلای زۆرە سـاڵێك دەخایەنێـت بەمەرجێـك بەمەبەسـتی ئیـش و کار و بەدەسـتهێنانی پـارە نەبێـت و، سـودوەرگرتن لەخزمەتگوزارییـە مادیـی و مەعنوییـە گەشـتیارییەکان بەشـێکن لـە ئـەم چالاکییانـە وەکـو ئوتێـل و چێشـتخانە و هـۆکارەکانی گواسـتنەوە وهتد...(أسـبر، ٢٠١٤، ٣).

ب-گەشتیار:

بۆچـوونی جیـاواز هەیـە لـە نێـوان پسـپۆڕان و شـارەزایان سـەبارەت بـە زاراوەی گەشـتیار، بەهـۆی تێکەڵبـوونی

لەگـەڵ چەمكـەكانی رێبـوار وسـەردانییكەر و گەڕیـدە و ئـەوانی تـر، فەرهەنگـی ئەمریكایـی هریتـج(Heritage) گەشـتیار پێناسـەدەكات؛ بـەوەی كەسـێكە بـە مەبەسـتی چێژوەرگرتـن گەشـت دەكات، واتـە لـە پێناسـەكەیدا تیشـكی خسـتووەتە سـەر دوو بنەمـا، كرداری گەشـتكردن و ئامانجەكـەی كـە چێـژ بینینـە، فەرهەنگـی كامبریـج(Cambridge) دەڵێـت گەشـتیار كەسـێكە كـە لـە كاتی پشـوو یـان دەسـت بەتاڵـی سـەردانی ناوچەیـەكی تـر دەكات بـە ئامانجـی حەوانـەوە وسـەرگەرمی یـان بەهـۆی حەزێـكی تایبـەت بـەو ناوچەیـە كـە پەیوەندیـی نێـوان گەشـتیار و ناوچەكـە دەردەخات(ترایـب، ١٣٩٥، ٤٥). هەروەهـا فەرهەنگـی ئۆكسـفۆرد (Oxford) گەشـتیار پێناسـەدەكات؛ (ئەوكەسـەیە هەڵدەسـتێت بـە ئەنجامـدانی گەشـت بەمەبەسـتی حەوانـەوە و كۆكردنـەوەی زانیاریـی و رۆشـنبیریی و خولیـای تایبەتیی)(عبدالعزیـز، ٢٠١١، ٢٤).

ت- خزمەتگوزاریی گەشتیاریی:

خزمەتگوزاریـی گەشـتیاریی بـە فاكتـەری كاریگـەر و بنەڕەتی بۆ راكێشـانی گەشـتیار و بنەمای سـەرەكیی پێشكەشـكردن و خسـتنەڕووی گەشـتیاریی ئەژمارئەكرێـت، خزمەتگوزاریـی گەشـتیاریی سـەرجەمی ئـەو پێداویسـتیانەیە كـە گەشـتیارێك بەدرێژایـی گەشـتەكەی پێویسـتی پێیـان ئەبێـت، و كارئاسـانیی تـەواو ئەكـەن بـۆ ئـەوەی گەشـتیار بـە ئاسـانیی و ئاسـودەیی كاتـەكانی بەسـەربەرێت. كەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن خزمەتگوزاریـی گەشـتیاریی سـەرجەمی ئـەو شـمەك و كار و چـالاكی وخزمەتگوزاریـی و كارئاسـانیە جۆراوجۆرانـەن گەشـتیار پێویسـتی پێیـەتی بـۆ ئەنجامـدانی گەشـتێكی ئاسـودە بەدرێژایـی گەشـتەكەی و، مانـەوەی لەشـوێنی خسـتنەڕووی گەشـتیاریی، هەنـدێ لـەو خزمەتگوزارییانـە مادیـی و هەندێكـی تریـان بەرجەسـتەنابن واتـە مەعنەوییـن. (السیسـی، ٢٠٠١، ١٥٦_١٥٨).

ج _ هێزی كار:

هێـزی كار هەمـوو ئـەو كەسـانە دەگرێتـەوە كـە لەتەمـەنی كاركردنـدان و توانـای كاریـان هەیـە، ئـارەزووی كاركردنیـان هەیـە و بـەدوای كاردا دەگەڕێـن و، رازیـن بـەو كرێیـەی كـە لـە بـازاڕی كاردا هەیـە، بـەڵام كاریـان دەسـت ناكەوێـت، دەتوانرێـت سـودیان لێوەربگیرێـت لـە چالاكیـە ئابوورییـە جیاوازەكانـدا، ئەمـەش هەمـوو ئەوانـەی لێدەردەكرێـت كـە توانـای كاركردنیـان نیـە وەك منـداڵانی خـوار تەمـەن(١٥) سـاڵ و بەسـاڵاچووان ئەوانـەی لـە سـەروی (٦٥) سـاڵەوەن (رسـن، ٢٠١٤، ٢٧٦)، كەواتـە پێناسـەی سـەرەوە پشـت بـە سـێ بنەمـای سـەرەكی دەبەسـتێت؛ ئەویـش توانـای تـاك و حـەزو ویسـتی تاكەكەسـیی و رەخسـاندنی دەرفـەت بـۆ ئەنجامـدانی كار، هەروەهـا گـەڕان بـەدوای كاردا و رازیبـون بـە كرێـی كاركـردن، ئەمـەش هەمـوو ئەوانـە دەگرێتـەوە فاكتـەری تەمـەن رێگەیـان پێـدەدات و، بەكرداریـی لـە كەرتێـكی ئابووریـدا كار دەكـەن، ئەوانـەشی توانـای كاركردنیـان هەیـە بـەڵام هێشـتا دەرفـەتی كاریـان بـۆ نەڕەخسـاوە و دەگەڕێـن بـە شـوێن كاردا. (المنصـوري، ٢٠١٩، ١٣).

د- بێكاریی:

بێكاریـی دیاردەیـەكی ئابووریـی و كۆمەڵایـەتی مەترسـیداره لـە ئەمـڕۆدا بـەرۆكی زۆر لـە وڵاتی جیهانیـی گرتـووە، ئەمـەش لـە ئەنجامـی گەشـەی خێـرای دانیشـتوان و نەبـوونی پـلانی ئابووریـی بەهێـز و نادادپەروەریـی كۆمەڵایەتیـی و خـراپ بەكارهێنـانی دەرامەتـە سرووشـتیی و مرۆییـەكان لـە وڵاتـان دا دروسـت دەبێـت. بێكاریـی پێناسـە دەكرێـت بـەوەی داواكاریـی لەسـەر كار زیاتـرە لـە خسـتنەڕووی، بەمانایـەكی تـر؛ زۆریـی دەسـتی كارە لـە بەرامبـەر كەمیـی هەلـی كاردا، هەروەهـا ئـەو كەسـانەی بـە هێـزی كار هەژمـار دەكرێـن و، توانـا و حـەز و ویسـتی كاركردنیـان هەیـە بـەڵام بـە هۆكارێـك لـە هـۆكارەكان هەلـی كاریـان بـۆ نەڕەخسـاوە، بێكاریـان پـێ دەوترێت(نخجـوانی، ١٣٨١، ١٧١).

١. ٦. دەستی کار لە کەرتی گەشتیاریی:

دەستی کار لەکەرتی گەشتیاریی ئەبن بە چەند جۆرێکەوە بەگوێرەی سرووشتی کارەکان و جۆری خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین جۆرەکانی هێزی کار دەکرێت لە کەرتی گەشتیارییدا (گلدنیر و ریتچی، ت، پارسائیان، ١٣٩٨، ٩٠-١٠٣).

أ. جۆرەکانی دەستی کار بە گوێرەی پەیوەندیی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە گەشتوگوزارەوە:

١.دەستی کاری راستەوخۆ وەك (دەستی کار لە ئوتێلەکان، چێشتخانەکان، شاری یارییەکان، کافتریا و گازینۆ و یانەکان، ئەو فرۆشگایانەی دیاریی گەشتیاریی دەفرۆشن، دامەزراوە گەشتیارییەکان کە کاروباری گەشتیاریی رێکدەخەن، کۆمپانیاکانی گواستنەوە، نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان و هتد...)

٢. دەستی کاری ناڕاستەوخۆ: وەك ئەو کەرتە ئابوورییانەی دیکە کە گەشەکردنی کەرتی گەشتیاریی راستەوخۆ دەبێتە فاکتەری گەشەکردنی ئەو کەرتانەی تر، وەك: کەرتی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە، کشتوکاڵ، پیشەسازیی، بانکەکان، کەرتی گواستنەوەی گشتیی، کەرتی پەیوەندیی و پۆستە وگەیاندن، کەرتی تەندروستیی، کەرتی گومرك وباج وهتد...)

ب. دەستی کار بە گوێرەی ماوەی کارەکە:

١. دەستی کاری هەمیشەیی: ئەوانەی بەدرێژایی ساڵ لە دامەزراوە گەشتیارییەکان کار دەکەن، بۆ نمونە کارمەندی ئوتێلەکان.

٢. دەستی کاری وەرزیی یان کاتیی: ئەوانەی تەنها لە وەرزی گەشتیاریی یان لە کاتی کردنەوەی دامەزراوە گەشتیارییەکان کاردەکەن و لەکاتەکانی تردا یان بێکارن یان بە پیشەی تر جگە-گەشتیارییەوە سەرقاڵن، وەک ئەو کرێکارانەی لە چێشتخانەی ناوچە گەشتیارییەکان کار دەکەن، لەوەرزی گەشتیاریی کاردەکەن بەڵام لە وەرزەکانی تردا -بۆ نمونە- زستان بێکارن.

ت. دەستی کار بەگوێرەی پسپۆڕیی و لێهاتوویی:

١. دەستی کاری پسپۆڕ و شارەزا لە گەشتوگوزار: هەموو ئەو دەستی کارە دەگرێتەوە کە خاوەن بڕوانامە یان ئەزموونی گەشتیارییین.

٢. دەستی کاری ئاسایی و ناکارامە: ئەو دەستی کارەیە نە خاوەنی بڕوانامەی گەشتیارییین، نە خاوەنی ئەزمونێکی بەرچاون لەکەرتی گەشتوگوزاردا.

١. ٧. لێکەوتە ئابوورییەکانی گەشتوگوزار:

کەرتی گەشتیاریی لە تەواوی جیهاندا لێکەوتە و شوێنەواری ئەرێنیی ئابووریی لە پاش خۆی بەجێدەهێڵێت، بۆیە لێرەدا بە پێویست دەزانرێت گرنگترین کاریگەرییە ئەرێنییەکانی گەشەی گەشتوگوزار لە سەر ئابووریی بە وردیی روون بکرێنەوە ، کە دەبن بەدوو بەشەوە ئەوانیش کاریگەرییە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانن.

أ/ کاریگەریی ڕاستەوخۆ:

١- رۆڵی گەشتوگوزار لە دابینکردنی هەلی کار: چالاکی گەشتیاریی رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دۆزینەوەی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە سەر رووی زەویی لە وڵاتە گەشتیارییەکاندا. چونکە گەشتوگوزار بە پلەی یەکەم پشت بە دەستی مرۆڤ و بەشداریی مرۆڤ دەبەستێت لەتەواوی چالاکییەکانیدا (خوشخو و دیگران، ١٣٩٥، ٤٠). بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەهەرێمە گەشتیارییەکاندا کراون چالاکی گەشتیاریی لەتوانایدا هەیە لەبەرامبەر

کردنــەوەی هــەر ژورێــك لــە ئوتێلێكــی پێنــج ئەســتێرەدا بــە ڕێــژەی(٢,٧٥) هەلــی كار بڕەخســێنێت، واتــە ئەگــەر ئوتێلێکی گەشتیاریی(٢٠٠) ژووریی بكرێتەوە، لەتوانایدا هەیە (٥٥٠) هەلی کار بەشێوەی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ بڕەخسێنێت، ئەمە لەكاتێكدا ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ (٢- ٢,٥) لە هۆتێلی پێنج ئەستێرە بەرەو خوار،(بن غضبان، ٢٠١٤، ١١٩). بەگوێرەی زانیارییەكانی ئەنجومەنی جیهانیی بۆ گەشتکردن و گەشتوگوزار (WTTC)، لە ساڵی ٢٠١٣ كەرتی گەشتیاری جیهانیی توانیویەتی هەلی كار بۆ(٢٦١) ملیون كەس بڕەخسێنێت، ئەمەش دەكاتە یەك كەس بۆ هەر یازدە كرێكار لەكەرتی گەشتیارییدا كاردەكەن، لە ساڵی ٢٠١٨ ئەم ژمارەیە گەشەی كردووە بۆ (٣٢٣) ملیون كەس، واتە بۆ هەر (١٠) كرێكار یەك كرێكار. هەروەها لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩٧ كەرتی گەشتوگوزار توانیویەتی لە ماوەی تەنها(٢٥) چركەدا (١٠) هەلی كار، واتە مانگی (١) ملیون هەلێ كار، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بڕەخسێنێت(السید، ٢٠٢٠، ٨٣).

٢- ڕاكێشانی دراوی بیانیی: یەكێك لە لێكەوتە ئەرێنییەكانی كەرتی گەشتوگوزار بۆهەر وڵاتێك، ڕاكێشانی دراوی بیانییە، بەتایبەتی ئەو دراوانەی كە بە دراوی كاریگەر لە جیهاندا هەژماردەكرێن (دۆلار، یۆرۆ، یەن، پاوەنی ئیسترلینیی). هاتنی گەشتیار بۆ هەر وڵاتێك بەمانای زۆربوونی دراوی بیانیی دێت لەو وڵاتە، ئەمەش بەچەند ڕێگایەك دەبێت وەك ڕسوماتی مۆڵەتی هاتنەناوەوە، خەرجی ڕۆژانەی گەشتیار، خواست لە سەر كەلوپەلی بەرهەم هاتووی ناوخۆیی، داهاتی دامەزراوە گەشتیارییەكان وەك ئوتێلەكان و هەروەها داهاتی گواستنەوە و هتد..(عبدالقادر، ٢٠٠٣، ٤٣)، كە لە ئەنجامدا بەرزبوونەوەی بەهای دراوی نیشتیمانیی لێ دەكەوێتەوە (موسایی، ١٣٩٨، ٢٨).

٣- كاریگەریی گەشتوگوزار لەسەر هاوسەنگیی تەرازووی پارەدان: هاتنی گەشتیاری بیانیی بۆ ناوخۆی وڵاتێك واتە هاتنی دراوی بیانیی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆشتنی گەشتیار بۆ دەرەوەی وڵاتەكە؛ واتە چوونەدەرەوەی دراوی بیانیی بۆ دەرەوە، ئەمەش كاریگەریی دروستدەكات لەسەر هاوسەنگیی تەرازووی پارەدان لەو وڵاتانەی كە گەشتیاریین (الحوري، الدباغ، ٢٠٠٠، ١٢٥).

٤- ڕۆڵی گەشتوگوزار لە زیادكردنی داهاتی نەتەوایەتی: یەكێكی دیكە لە لێكەوتە ئابوورییەكانی گەشتوگوزار زیادكردنی داهاتی نەتەوایەتییە، ئەوەش بە ڕێگەی زیادكردنی سەرچاوەكانی داهات، جۆراوجۆركردنی سەرچاوەی داهاتی نیشتیمانیی ڕۆڵێكی بەرچاو ئەگێڕێت لەگەشەی ئابووریی خێرا و زیادكردنی داهاتی تاكەكەس (توفیق، ٢٠٠٨، ٨٤)، هەروەها گەشتوگوزار دەرامەتێكی زۆر لە ڕێگەی ڕسومات و باج و گومركەوە كۆدەكاتەوە. (بوعكریف، ٢٠١٢، ٢٨).

٥ -كاریگەریی گەشتوگوزار لەسەر دووبارە دابەشكردنەوەی داهات: ڕۆڵ و كاریگەریی گەشتوگوزار لە بووژانەوەی ئابووریی نیشتیمانیی وڵاتاندا، لە دابەشكردن و دووبارە دابەشكردنەوەی داهات و سەرمایە بە ڕوونی ی دیارە، سەرمایەو داهات بەشێوەیەكی یەكسان لەنێوان ناوچە جیاوازەكاندا دابەش نەبووە و، بەردەوام جەمسەری دەوڵەمەند و چالاكیی ئابووریی و جەمسەری هەژار و پشتگوێخراو لەناو وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا بوونی هەیە، ئەمەش هەلێكی باش بۆ ئەو ناوچانە دەڕەخسێنێت تا سوود لە چالاكیی گەشتیاریی وەربگرن لە پێناوی گەشەپێدانی ناوچەكانیان. باشترین نموونە بۆ ئەم بارودۆخە دوورگە پەراوێزخراو و هەژارەكانی ناو زەریای هێمن وهیندیی و دەریای كارییبیە، كە بە سرووشتی دڵڕفێن و خستنەڕووی بنەما گەشتیارییەكانیان دەتوانن گەشتوگوزار بۆ لای خۆیان ئاراستە بكەن، وەكو دوورگەكانی فیجیی وكوبا و ماكاو و ماڵدیف (قدمی و بایی،

١٣٩٣، ٢٤). هەروەها گەشتوگوزار رۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی ئاستی ، بەتایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان دا. (هولدن، ١٣٩٤، ١٤٠).

ب/ کاریگەریی ناڕاستەوخۆ

١-کاریگەریی لەسەر چالاکبوونی جوڵەی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان لەکەرتەکانی تر (اسدپور، ١٣٩٦، ٢٨)، وەکو کاریگەریی لەسەر زیادبوونی جوڵەی چالاکییە ئابوورییەکانی تر وەك پیشەسازیی و بازرگانیی و کشتوکاڵیی (شێخانی، ٢٠١٦، ١١١).

٢-کاریگەریی چەندئەوەندەی گەشتیاریی: بیرۆکەی چەندئەوەندەی گەشتیاریی لەسەر ئەم بنەمایەیە کە (هەموو خەرجییەك داهاتێك زیاد دەكات لە خولی ئابووریيدا)، خەرجیی گەشتیاران دەبێتە هۆکاری زۆربوونی داهات، کە زنجیرەیەک خەرجیی و داهاتی بەردەوامی لێدەکەوێتەوە (حمیداتو، ٢٠١٥، ٧٨). بۆ نموونە وەرزشکارێکی خلیسکێنەی سەربەفر لە ناوچەیەکی گەشتیاریی، پسوڵەیەك بە بەهای ١٠٠ دۆلار دەکڕێت، بەشێکی ئەم پارەیەی کە لەلایەن بەڕێوەبەری یانەکەوە وەردەگیرێت، وەك مووچە دەدرێت بە کارمەندانی یانەکە، کارمەندەکان بەشێکی پارەکە بۆ کڕینی پێداویستە سەرەکییەکانی خۆیان وەك خواردن و خواردنەوە بەکاردەهێنن، خاوەن دوکان و مارکێتیش بەشێکی داهاتەکەی بۆ کرێی دوکان خەرجدەکات، خاوەن موڵکیش بەشێکی پارەکەی بۆ کاروباری رۆژانەی خۆی وەك خزمەتگوزاریی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل خەرجدەکات، خاوەن پیشەش بەشێك لە داهاتەکەی لە چێشتخانەیەک یان یانەیەك خەرجدەکات، خاوەنی یانەکە یان چێشتخانەکە بەشێکی داهاتەکەیان بۆ کڕینی خواردنەوە یان خۆراکی بنەڕەتیی، کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت خەرجدەکەن، لێرەدا ئیتر پارەکە لە سووڕی ئابووریی وڵات دا نامێنێت، ئەوەی سەلمێنراوە رێژەی دەستاوەدەستکردن و خولانەوەی ئەم سامانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دا، بەهۆی پێشکەوتنیان لە هەموو ئاستەجیاوازەکان وەك پیشەسازیی و کشتوکاڵیی، رێژەی خولانەوەی ئەم سامانە چەندئەوەندەیەکی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانە، چونکە سەرمایەی ناوخۆیی ئەو دەوڵەتانە بە کەمیی دەڕواتە دەرەوە، بۆیە هەر لە ناوخۆی وڵاتەکەدا دەستاوەدەستی پێدەکرێت (چارلز ار گلدنر و جی ار برنت ریچی، ١٣٩٧، ٣٤٧).

٣-کاریگەریی لەسەر گەشەی ژێرخانی ئابووریی: لە بەرئەوەی بنەمایەکی گرنگی گەشەکردنی گەشتوگوزار لە ناوچەیەکدا بوونی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز وپێشکەوتووە، گەشتیار زیاتر رووەدەکاتە ئەو ناوچانەی ژێرخانی ئابووریی پێشکەوتوویان هەیە، هەر لە فڕۆکەخانە و رێگاوبانی گونجاو و بوونی ئوتێل و چێشتخانەی گونجاو لە رووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە، بوونی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و ئاوی پاك و بنکەی تەندروستیی و هێڵەکانی پەیوەندیی لە تەلەفون و ئینتەرنێت و ئاسانیی بەدەستهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانە و بەنرخی گونجاو و جۆرێتیی باش. (Inskeep, ١٩٩١, ١١٩).

٤- گەشتوگوزار لایەنێکی ستراتیژییە لە گەشەپێدانی ئابووریی: کۆنفرانسی لۆمە (Lome) لە ساڵی ١٩٨٥ کە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتانی ئەفریقا و زەریای ئارام و دەریای کاریبیی بەسترا، بەچڕیی جەخت لە سەر رۆڵی ستراتیژیی کەرتی گەشتوگوزار لە سەر گەشەسەندن و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتان دەکاتەوە (فن هوو، ١٣٩٧، ٣٦١).

٥- گەشتوگوزار دەبێتە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکیی و هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی (سمیرة، ٢٠١٥، ١٤٢).

٦-گەشتوگوزار بە بەراورد بە کەرتە ئابوورییەکانی تر، بە کەرتێکی پاك دادەنرێت کە کەمترین زیانی بۆ ژینگەی

سرووشتیی هەیە، ئەمەش لە رووی ئابوورییەوە تێچووی خۆپاراستن و فڕێدانی پاشماوەی پیس کەمدەکاتەوە(زندی، ١٣٩٤، ٢٧).

٧- پاڵپشتی بونیادنان و دروستکردنی پرۆژەی بچوك و مام ناوەند، وەکو خواردنگەی بچووك و چێشتخانەی مام ناوەند، دوکانی فرۆشتنی ئیشی دەستیی (بن غضبان، ٢٠١٥، ٨٦).

٨- پەرەپێدانی توانای بەڕێوەبردن و زیادکردنی ئەزموونی کارگێڕیی، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات دەگوزارێتەوە بۆتەواوی بەشە ئابووریی و کارگێڕییەکانی تری وڵات و، کاریگەریی راستەوخۆی ئەبێت لە سەر لێهاتووی و کارامەیی بەڕێوەبەرانی کەرتە ئابوورییەکان (انسکیپ، ١٣٩٨، ٣٥٧).

باسی دووەم: رۆڵی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە رەخساندنی هەلی کار لە شاری سلێمانی دا

سەبارەت بە دەستی کار لە تەواوی خزمەتگوزارییە جیاوازە گەشتیارییەکانی ناوچەی توێژینەوە، بریتیە لە (١٧٥٦٤) کەس، کە دەکاتە (٣,٥٪) سەرجەمی دەستی کار لە تەواوی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوە، لە خوارەوە بەوردی باس لە گرنگترین ئەو خزمەتگوزارییە گەشتیاریانە دەکرێت کە رۆڵی بەرچاویان هەیە لە رەخساندنی دەرفەتی کار لە شاری سلێمانی دا.

٢. ١. دەستی کار لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان:

- دەستی کار لە شوێنی مانەوە (ئوتێل و مۆتێل):

هەروەك لە پێشووتر ئاماژەی پێدرا، بەگوێرەی داتاکانی رێکخراوی گەشتوگوزاریی جیهانیی تەنها لە ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی (١,٥) ملیارد گەشتیاری دەرەکیی و (٨) ملیارد گەشتیاری ناوخۆیی لەسەر ئاستی جیهان تۆمارکراوە، ئەم ژمارە زۆرەی گەشتیاریش پێویستی بەشوێنی مانەوە هەیە بۆ پشودان و حەوانەوە و تەواوکردنی چالاکییە گەشتیارییەکان لەو ناوچانەی گەشتی بۆ دەکەن، گرنگترین و سەرەکیترین شوێنی مانەوەی شەوانەی گەشتیار ئوتێل و مۆتێلەکانن.

بەگوێرەی ئامار و داتای بەردەست، لەساڵی ٢٠٢٠ ژمارەی ئوتێلەکان لەشاری سلێمانی(١٥١) دەبێت، کە(٧١) ئوتێلی میللیی بە رێژەی(٤٧٪) و (٨٠) ئوتێلی گەشتیاریی بە رێژەی (٥٣٪) تۆمارکراوە، کە بەم شێوەیە دابەشبووە، (٣٣) ئوتێلی یەك ئەستێرە، (١٤) ئوتێلی دوو ئەستێرە، (١٤) ئوتێلی سێ ئەستێرە، (١٢) ئوتێلی چوار ئەستێرە و (٧) ئوتێلی پێنج ئەستێرەیە، زۆرترین رێژەی ئوتێلی لەشاری سلێمانی ئوتێلی یەك ئەستێرە تۆمار کراوە بە رێژەی(٢١,٨٪) و کەمترینیش ئوتێلی پێنج ئەستێرەیە بە رێژەی(٤,٦٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە(٢-١).

ئەگەر بەراوردی شاری سلێمانی بە هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین لەساڵی ٢٠٢٠ لە کۆی (٤٥٩) ئوتێل لە هەرێمی کوردستان (١٥١) ئوتێل لە سنوری ناوچەی توێژینەوەدایە بە رێژەی(٣٢,٨٪)، ئەمەش سێیەکی سەرجەمی ئوتێلەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام ئەگەرهاتوو ئوتێلی میللیی لەم رێژەیە دەربکەین کە ژمارەیان(٧١) ئوتێلە لە ساڵی ٢٠٢٠، ئەوا (٨٠) ئوتێلی گەشتیاریی دەمێنێتەوە بە رێژەی(١٧,٤٪) سەرجەم هۆتێلەکانی هەرێمی کوردستان، ئوتێلە میللییەکان لە تەنیشت رێبواران و گەشتیاران زۆربەی کات کرێکارانی تێدا دەمێننەوە، لە بەر هۆکاری کەمیی کرێی نرخی شەوانی مانەوە تێیدا و بە هۆی کەمی خزمەتگوزاریی تیایاندا. هەروەها ئەگەر بەراوردی کۆی ئوتێلەکانی شاری سلێمانی بکەین لەساڵی ٢٠٢٠ بە ساڵی ٢٠٠٧، ئەو راستیەمان بۆدەرئەکەوێت کە ژمارەی ئوتێل لەشاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٢٠، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ ژمارەی ئوتێلەکانی ناوچەی توێژینەوە(٣٧) ئوتێل بووە، لە کاتێکدا ژمارەی

ئوتێلەکان لەساڵی ٢٠٢٠ بەرزبووەتەوە بۆ(١٥١) ئوتێل، واتە گەشەکردنەکە بە ڕێژەی(٣٠٨٪) بووە، هەروەها ئەگەر بەراوردی ژمارەی ئوتێلەکانی ناوچەی توێژینەوە بکەین لە ساڵی ٢٠٢٠ بە کۆی ئوتێلەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧، ئەوا دیسانەوە ژمارەی ئوتێلەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ژمارەی ئوتێلەکانی هەموو هەرێمی کوردستان زیاتربووە، واتە(١٥١) ئوتێل لەبەرامبەر(١٠٦) ئوتێل بۆ هەموو هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ زۆربوونی ژمارەی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە بە بەردەوامیی لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٢٠ و، گەشەسەندنی کەرتی گەشتوگوزار لەشارەکەدا (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی،٢٠٢٠).

سەبارەت بە ژمارەی دەستی کار لە ئوتێلەکان بریتیە لە(١٧٧٤) کرێکار، زۆرترین ژمارەی دەستی کار لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەکانە کە دەکاتە(٧٠٠) کرێکار، لە کاتێکدا ژمارەی ئوتێلە پێنج ئەستێرەکان لە ناوچەی توێژینەوە تەنها (٧) دانە تۆمارکراوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی، تایبەتمەندیی و خزمەتگوزاریی جیاواز، کە ئەم ئوتێلانە پێشکەشی میوانانی دەکەن، لە چێشتخانە و قاوەخانە و شوێنی خواردنەوە و شوێنی مەلەوانیی و مەساج و هۆڵی وەرزشیی و هتد.. ئەمەش پێویستی بەدەستی کرێکاری زۆر هەیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەشە جیاوازانە. لەپاش ئوتێلە پێنج ئەستێرەکان، ئوتێلە میللییەکان پلەی دووەمیان وەرگرتووە لە ڕەخساندنی هەلی کار کە دەکاتە(٣٥٥) کرێکار، هۆکاری ئەمەش بۆ زۆریی ژمارەی ئوتێلە میللییەکان دەگەڕێتەوە کە دەگاتە (٧١) ئوتێلی میلیی لە ناوچەی توێژینەوە، واتە لە کاتێکدا ئوتێلە میللییەکان لە(٤٧٪) ی کۆی ئوتێلەکانە، تەنها (٢٠٪)ی کۆی دەرفەتی کاری لە سێکتەری ئوتێلەکان ڕەخساندووە لە کاتێکدا ئوتێلە پێنج ئەستێرەکان (٤,٦٪)ی سەرجەم ئوتێلەکانە بەڵام دەرفەتی کاری بۆ(٣٩,٤٪)ی هاوڵاتیان ڕەخساندووە، بڕوانە خشتەی ژمارە(٢-١).

خشتەی ژمارە(٢-١)

ژمارەی دەستی کار لە ئوتێلەکانی شاری سلێمانی

| جۆر | میللیی | ١ ئەستێرە | ٢ ئەستێرە | ٣ ئەستێرە | ٤ ئەستێرە | ٥ ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٧١ | ٣٣ | ١٤ | ١٤ | ١٢ | ٧ | ١٥١ |
| ڕێژە٪ | ٤٧ | ٢١,٨ | ٩,٣ | ٩,٣ | ٧,٩ | ٤,٦ | ١٠٠٪ |
| دەستی کار | ٣٥٥ | ٢٣١ | ١٤٠ | ١٦٨ | ١٨٠ | ٧٠٠ | 1774 |
| ڕێژە٪ | ٢٠ | ١٣ | ٧,٨ | ٩,٤ | ١٠,١ | ٣٩,٤ | ١٠٠٪ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت ەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاریی، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٢. فۆڕمی ڕاپرسی

مۆتێلەکانیش هاوشانی ئوتێلەکان پاڵپشتی ڕەخساندنی هەلی کارن لە ناوچەی توێژینەوەدا، هەرچەندە مۆتێلەکان بەراورد بە ئوتێلەکان ژمارەیان کەمترە، بۆیە توانای ڕەخساندنی هەلی کاریان کەمترە ئەگەر بەراورد بکرێن بە ئوتێلەکان کە (٣,١٪) دەرفەتی کاری ڕەخساندووە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ئوتێلەکان دەگاتە(١٠,١٪)، هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی ژمارەی مۆتێلەکان دەگەڕێتەوە کە(٨٧) مۆتێلە بەراورد بە ئوتێلەکان کە(١٥١) دانەیە، هەروەها مۆتێلەکان لە رووی تایبەتمەندییەوە لە ئاست جۆرێتیی ئوتێلەکاندا نین، سەرەڕای ئەوەی ژمارەی

ژورەکانی مۆتێلـەکان بـەراورد بـە ئوتێلـەکان کەمـترە، لـە لایـەکی تریشـەوە مۆتێلـەکان پێویسـتیان بـە دەسـتی کاری کەمـتر هەیـە بـەراورد بـە ئوتێلـەکان. مۆتێـلی یـەك ئەسـتێرە زۆرتریـن ڕێـژەی مۆتێلـەکانی داگیرکـردووە کـە دەکاتـە(٤٨) مۆتێـل بـە ڕێـژەی(٥٥٪) سـەرجەمی مۆتێلـەکان، کـە بـە ڕێـژەی(٤٤٪)ی دەرفـەتی کاری بـۆ کـۆی کرێـکارانی کـەرتی مۆتێلـەکان ڕەخسـاندووە، لـە پاشـان مۆتێـلی دوو ئەسـتێرە دێـت کـە ڕێـژەی(٢٧٪) دەبێـت و دەرفـەتی کاری بـۆ (٢٩٪)ی کـەرتی مۆتێلـەکان ڕەخسـاندووە، مۆتێـلی سـێ ئەسـتێرە (١٧٪) کـۆی مۆتێلـەکانی شـاری سـلێمانیە و توانیوویـەتی (٢٥٪) کـۆی دەرفـەتی کار لـە کـەرتی مۆتێلـەکان بڕەخسـێنێت، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە(٢-٢).

خشتەی ژمارە(٢-٢)

ژمارەی دەستی کار لە مۆتێلەکانی شاری سلێمانی

| جۆر | ١ ئەستێرە | ٢ ئەستێرە | ٣ ئەستێرە | ٤ ئەستێرە | ٥ ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٤٨ | ٢٣ | ١٥ | ١ | ٠ | ٨٧ |
| ڕێژە٪ | ٥٥ | ٢٧ | ١٧ | ١ | ٠ | ٪١٠٠ |
| دەستی کار | ٢٤٠ | ١٦١ | ١٣٥ | ١٠ | ٠ | ٥٤٦ |
| ڕێژە٪ | ٤٤ | ٢٩ | ٢٥ | ٢ | ٠ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی گەشـتوگوزاری سـلێمانی، بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری گەشـتیاریی، زانیاریـی بڵاونەکـراوە، ٢٠٢٠.

٢. فۆڕمی ڕاپرسیی

ب. دەستی کار لە چێشتخانە و خواردنگەکان:


بەگوێـرەی زانیارییـەکانی خشـتەی ژمـارە(٢-٣) ژمـارەی چێشـتخانە و خواردنگـەکان لـە شـاری سـلێمانی دەگاتـە(٥٩٢) دانـە، کـە چێشـتخانەی یـەك ئەسـتێرە (٢٦٧) دانەیـە و توانیویـەتی زۆرتریـن ژمـارەی هەلـی کار بڕەخسـێنێت بـە (١٨٦٩) کرێـکار، دواتـر چێشـتخانەی چـوار ئەسـتێرە بـە ڕەخسـاندنی(١٦٠٠) هەلـی کار پلـەی دووەمـی وەرگرتـووە، دواتـر ریسـتۆرانتی سـێ ئەسـتێرە بـە (١٢٧٢) هەلـی کار و دوو ئەسـتێرە بـە (١١٨٨) هەلـی کار پلـەی سـێیەم و چوارەمیـان وەرگرتـووە، هەرچـی چێشـتخانەی پێنـج ئەسـتێرەیە بەهـۆی کەمـی ژمـارەی لـە ناوچـەی توێژینـەوە کـە بەگوێـرەی داتـای سـاڵی ٢٠١٩ تەنهـا (٧) دانـە تۆمارکـراوە(٢١٠) هەلـی کاری ڕەخسـاندووە، بڕوانە شـێوەی ژمـارە(٢-١)، خواردنگـە خێراکانیـش توانیویانـە (١٢٥١) هەلـی کار بڕەخسـێنن، کەواتـە کـۆی کەرتـی چێشـتخانە و خواردنگـەکان لـە ناوچـەی توێژینـەوە توانییویـەتی هەلـی کار بـۆ(٧٣٩٠) کرێـکار بڕەخسـێنێت، ئەمـەش بـەراورد بـە خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییەکانی تـر ژمارەیەکـی زۆرتـرە، هـۆکاری ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی چێشـتخانەکان پێویسـتیان بـە ژمارەیـەکی زۆری کارمەنـدی بەڕێوەبـردن و چێشـتلێنەر و کرێـکار هەیـە بـەراورد بـە کەرتەکانـی تـر، هەروەهـا ژمـارەی ئـەم خزمەتگوزارییـە لەوانـی تـر زیاتـرە، بـە هـۆی پێویسـتی زۆری دانیشـتوان و گەشـتیاران بـەم خزمەتگوزارییـە.

خشتەی ژمارە(٢-٣)

ژمارەی دەستی کار لە چێشتخانە و خواردنگە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠٢٠

| جۆر | ١ ئەستێرە | ٢ ئەستێرە | ٣ ئەستێرە | ٤ ئەستێرە | ٥ ئەستێرە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٦٧ | ١٣٢ | ١٠٦ | ٨٠ | ٧ | ٥٩٢ |
| ڕێژە٪ | ٤٥,١ | ٢٢,٢ | ١٧,٩ | ١٣,٥ | ١,١ | ٪١٠٠ |
| دەستی کار | ١٨٦٩ | ١١٨٨ | ١٢٧٢ | ١٦٠٠ | ٢١٠ | ٦١٣٩ |
| ڕێژە٪ | ٣٠,٤ | ١٩,٣ | ٢٠,٧ | ٢٦ | ٣,٤ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە فۆرمی ڕاپرسیی




شێوەی ژمارە(٢-١)

ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی جۆری چێشتخانەکان

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە(٢-٣)

ت. دەستی کار لە کافتریا و گازینۆ و یانە و سەیرانگا و کوشکی گەشتیاریی:

سەبارەت بە دەستی کار لە کافتریا و گازینۆ و یانە و سەیرانگا و کۆشکە گەشتیارییەکان ئەوا بە گوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە(٢-٤) ڕووندەبێتەوە (٣٤٧٥) دەرفەتی کاری لەناوچەی توێژینەوەدا ڕەخساندووە، کە بەم شێوەیە دابەشبوون، کافتریاکان (١٦٩٠) هەلی کار، یانەکان (٩٤٠) هەلی کار، گازینۆکان (٥٣٥) هەلی کار، کوشکە گەشتیارییەکان (٢١٠) هەلی کار و سەیرانگاکان (١٠٠) هەلی کار، ڕێژەی ئەوانەی کار دەکەن لەم سێکتەرانە (٪١٩,٧)ی سەرجەمی ئەوانە دەگرێتەوە کە لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان خەریکی کارکردنن، کافتریاکان ڕێژەی (٪٤٨,٦)ی کۆی کرێکاران پێکدەهێنن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی کافتریاکان کە ژمارەیان(٣٠٨) کافتریایە، بەگوێرەی فۆرمی ڕاپرسی (٪٥٠)ی ئەوانەی لە کافتریاکان کار دەکەن دانیشتووی ناوچەی توێژینەوەن و(٪٥٠)ی تریش دانیشتووی دەرەوەی ناوچەی توێژینەوەن.

خشتەی ژمارە(٢-٤)

ژمارەی دەستی کار لە کافتریا و گازینۆ و یانە و سەیرانگا و کوشکە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی

| جۆر | کافتریا و گازینۆ | یانە | سەیرانگا | کۆشکی گەشتیاریی | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٣٠٨ | ١٢٣ | ٣ | ٤٢ | ٤٧٦ |
| دەستی کار | ٢٢٢٥ | ٩٤٠ | ١٠٠ | ٢١٠ | ٣٤٧٥ |
| ڕێژە٪ | ٦٤ | ٢٧ | ٣ | ٦ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاریی، زانیاریی بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.

٢. فۆڕمی ڕاپرسیی

ج. دەستی کار لە شاری یاریی و نوسینگە و کۆمپانیا گەشتیارییەکان و مۆڵەکان:

بە گوێرەی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٢-٥) شاری یاریی و نوسینگە گەشتیارییەکان و مۆڵەکان وەکو سێکتەری بازرگانیی و خزمەتگوزاری گەشتیارییش ڕۆڵیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە، و پێکەوە توانیویانە ببنە هۆکاری ڕەخساندنی هەلی کار بۆ(٣٩٠٠) هێزی کار، لە نێو ئەم خزمەتگوزارییانەدا مۆڵەکان پشکی گەورەیان بەرئەکەوێت لە ڕەخساندنی هەلی کار بە(٢٥٥٠) کەس واتە (٪١٤,٥)ی سەرجەمی دەرفەتی کار لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییە جیاوازەکان دا، لە گرنگترینیان وەکو فامیلی مۆڵ، ماجدی مۆڵ، کاسۆ مۆڵ، زارا مۆڵ، سیتی ستار مۆڵ، سیتی سەنتەر مۆڵ، لە بەر ئەوەی زۆربەی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان لەم مۆڵانەدا هەیە، وەکو خواردن و خواردنەوە و شوێنی یارییکردنی منداڵ و شوێنی پشوودان و بازاڕیکردن و هتد.. بۆیە گەشتیارێکی زۆر ڕوویان تێدەکات بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و زستان دا، کە پلەکانی گەرما لە دەرەوەی ناوچە داخراوەکان بۆ چالاکیی گەشتیاریی گونجاو نیە، ئەمەش بووەتە فاکتەری ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو هەلی کار برەخسێنن. دواتر شاری یاریی دێت بەرەخساندنی هەلی کار بۆ(٦٠٠) کرێکار، نوسینگە گەشتیارییەکان و کۆمپانیا گەشتیارییەکان هەریەکەیان بە (٤٨٠) و (٢٧٠)، دەستی کار ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە ڕەخساندنی هەلی کار. هەریەکە لە سەنتەری لەشجوانیی (ڕەشاقە) و مەساج و کوشکی گەشتیاریی و هۆڵەکانی ئاهەنگگێڕان و هۆڵی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و سەیرانگاکان و نوسینگەکانی بەکرێدانی ئۆتۆمبیل، کە وەک خزمەتگوزاریی تەواوکاری گەشتیاریی ئەژمار دەکرێن، بەهەموویانەوە توانیوویانە هەلی کار بۆ(٨٧٦) کەس برەخسێنن، سەنتەری لەشجوانیی و مەساج بە (٢٥٥) کرێکار و نوسینگەکانی بە کرێدانی ئۆتۆمبیل بە(٨٤) کەس زۆرترین و کەمترین ڕێژەی دەستی کاری ڕەخساندووە، بڕوانە شێوەی ژمارە(٢-٢).

خشتەی ژمارە(٢-٥)


ژمارەی دەستی کار لە شاری یاریی و مۆڵ و نوسینگە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی

| جۆر | شاری یاریی | نوسینگەی گەشتیاریی | کۆمپانیای گەشتیاریی | مۆڵ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٣ | ١٢٠ | ٩٠ | ٥١ | 264 |
| دەستی کار | ٦٠٠ | ٤٨٠ | ٢٧٠ | ٢٥٥٠ | ٣٩٠٠ |
| ڕێژە٪ | ١٥ | ١٢ | ٧ | ٦٥ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، وەزارەتــی شــارەوانی و گەشــتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتــی گشــتیی گەشــتوگوزاری ســلێمانی، بەڕێوەبەرایەتــی کاروبــاری گەشــتیاریی، زانیاریــی بڵاونەکــراوە، ٢٠٢٠.

٢. فۆرمی ڕاپرسیی.




شێوەی ژمارە(٢-٢)

ژمارە و ڕێژەی دەستی کار بە گوێرەی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان، وەزارەتــی شــارەوانی و گەشــتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتــی گشــتیی گەشــتوگوزاری ســلێمانی، بەڕێوەبەرایەتــی کاروبــاری گەشــتیاریی، زانیاریــی بڵاونەکــراوە، ٢٠٢٠.

٢.فۆرمی ڕاپرسیی.

٢. ٢. ڕەگەزنامەی دەستی کار لە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی شاری سلێمانی دا

ئـەوەی پەیوەندییـداره بـە ڕەگەزنامـە و شـوێنی نیشـتەجێبوونی کرێـکارانی کـەرتی خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییەکان، لەخشـتەی ژمـارە(٢-٦) و شـێوەی ژمـارە(٢-٣) ڕووندەبێتـەوە ڕێـژەی (٥٢,٣٪) کـە (٩٢٠٠) دەسـتی کار دەکات دانیشـتووی ناوچـەی تویژینـەوەن، کـە بەرزترین ڕێـژەی دەسـتی کار پێکدەهێنـن، ئەمـەش ئاماژەیەکـی ئەرێنییـە بـۆ لایەنـی ئابووریـی دانیشـتوانیی ناوچـەی توێژینـەوە بـە تایبەتـی بـۆ هێـزی کار، لـە بـەر ئـەوەی هەتاوەکـو ژمـارەی دەسـتی کاری ناوخۆیـی زۆرتـر بێـت، ڕێـژەی بێکاریـی کەمـتر دەبێتـەوە و بایەخـی کەرتـی گەشـتیاریی لـە بووژانـەوەی ئابووریـی شـاری سـلێمانی دا زیاتـر دەردەکەوێـت. لـە پاشـان ئـەو هاووڵاتیانـەن کـە دانیشـتووی شـارەکانی تـر هەرێمی کوردسـتانن کـە ژمارەیـان (٣٦٤٦) کەسـە بـە ڕێـژەی (٢٠,٧٪) سـەرجەمی کرێـکاران، ئەمانـەش بـە هـۆی نەبـوونی هەلی کار لـە شـارەکانی خۆیانـدا ڕوویانکردۆتـە شـاری سـلێمانی، لـە پلـەی سـێیەم ئـەو هاوڵاتیانـەی ناوەڕاسـت وباشـووری عێـراق دێـت، کـە ژمارەیـان(١٨٥٠) کەسـە و ڕێـژەی (١٠,٥٪) پێکدەهێنـن، ئەمانـەش بەهـۆی بارودۆخـی ناجێگیـری ئاسـایش وسیاسـیی و نەبـوونی دەرفـەتی کار لەشـارەکانی خۆیانـدا ڕوویانکردۆتـە ناوچـەی توێژینـەوە بـۆ کارکـردن و، لـە خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییە جیاوازەکانـدا خەریـکی کارکردنـن، هەرچـی کرێـکاری وڵاتـانی ڕۆژهـەڵات وباشـووری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیایە، وەك هینـد و بەنگلادیـش و فیلیپیـن و چییـن پلـەی چوارەمیـان وەرگرتـووە کـە ژمارەیـان (١٦٢٠) کەسـە بـە ڕێـژەی(٩,٢٪)، ئەمانـەش زیاتـر لـە ئوتێلـەکان و یانـەکان و چێشـتخانەکان و خزمەتگـوزاری مەسـاج و کافتریـاکان خەریـکی کارن، ئـەم وڵاتانـەی ئاماژەیـان پێـدراوە بـە هـۆی زۆری ژمـارەی دانیشـتوان و نەبـوونی دەرفـەتی کار بـۆ ئـەو ژمـارە زۆرەی دانیشـتوان، بەشـێکی بەرچـاوی هاووڵاتیـی ئـەو وڵاتانـە کۆچدەکـەن بـۆ وڵاتـانی دیکـە بـۆ دۆزینـەوەی کار، تەنانـەت بەهـۆی هەژاریـی ئـەو وڵاتانـەوە و، قەرەباڵغـی زۆر و دەسـتی کاری لەڕادەبـەدەر، ئاسـتی داهـاتی تاکـەس نزمـە و کرێکارانی ئـەو وڵاتانـە ئامـادەن بـە کرێـی مانگانـەی کەمـتر لـە دامـەزراوە گەشـتیارییەکان کار بکـەن، بۆیـە تێبینیـی ئـەوە دەکرێـت لـە دامـەزراوە گەشـتیارییەکان، کرێـکاری وڵاتـانی باشـوور و ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دەبینرێـت، بەتایبـەتی وڵاتـانی بەنگلادیـش و فیلیپیـن و هینـد و نیپـاڵ.


هەرچـی دەسـتی کاری وڵاتـانی عەرەبییـە وەك لوبنـان و ئـەردەن و فەلەسـتین و سـوریا ژمارەیـان دەگاتـە(٣٧٨) کـەس بـە ڕێـژەی (٢,١٪)، لـە پاشـان کـوردی سـوریا ڕێـژەی(١,٩٪) سـەرجەمی دەسـتی کار پێکدەهێنـن کـە ژمارەیـان(٣٥١) کەسـە، بەشـێکی زۆری ئەوانـە بەهـۆی قەیـرانی سـوریاوە ئـاوارەی هەرێمـی کوردسـتان بـوون و لـە سـێکتەرە گەشـتیارییەکاندا سـەرقاڵی کارن، کـوردی باکـوور و کـوردی ڕۆژهـەڵات هەریەکەیـان ڕێـژەی(٠,٦٪) سـەرجەمی دەسـتی کار پێکدەهێنـن، ڕەگەزنامـەی تورکیـی(٠,٣٪) پێکدەهێنێـت کـە ئەمانـە زیاتـر کەسـانی شـارەزا و دەسـتڕەنگینن لـە بـواری گەشـتوگوزاردا و زیاتـر لـە ئوتێلـەکان و چێشـتخانەکان و یانـەکان کاردەکـەن، ڕەگەزنامـەی ئێرانییـش(٠,٢٪) کـۆی دەسـتی کار پێکدەهێنـن، هەرچـی وڵاتـانی دیکەشـە ڕێـژەی (٠,٩٪) سـەرجەمی دەسـتی کار لـە خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییە جیـاوازەکان لەناوچـەی توێژینـەوە پێکدەهێنـن.

خشتەی ژمارە(٢-٦)

ژمارەی دەستی كار بە گوێرەی رەگەزنامە

| رەگەزنامەی دەستی كار | ژمارە | ڕێژە٪ |
|---|---|---|
| هاوولاتیی كوردی دانیشتووی شاری سلێمانی | ٩٢٠٠ | ٥٢,٣ |
| هاوولاتیی كوردی دانیشتووی شارەكانی دیكەی هەرێم | ٣٦٤٦ | ٢٠,٧ |
| هاوولاتیی ناوەراست و باشوری عێراق | ١٨٥٠ | ١٠,٥ |
| كوردی باكوور | ١٢١ | ٠,٦ |
| كوردی رۆژئاوا | ٣٥١ | ١,٩ |
| كوردی رۆژهەلات | ١٢٠ | ٠,٦ |
| تورك | ٦١ | ٠,٣ |
| ئێرانیی | ٥٢ | ٠,٢ |
| ولاتانی عەرەبیی | ٣٧٨ | ٢,١ |
| رۆژهەلاتی ئاسیا | ١٦٢٠ | ٩,٢ |
| ولاتانی تر | ١٦٥ | ٠,٩ |
| كۆی گشتیی | ١٧٥٦٤ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەستن بە فۆرمی راپرسیی




شێوە ژمارە(٢-٣)

ژمارەی دەستی کار بە گوێرەی رەگەزنامەیان

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە خشتەی ژمارە(٢-٦)

٢. ٣. رێژەی دەستی کار بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و دانیشتوانی چالاك لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان

بەگوێرەی داتاکانی خشتەی ژمارە(٢-٧) ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠٢٠ بریتیە لە(٩١١١٧٦) کەس، لەم ژمارەیە(٥٩٢٦٦٦) کەس بە هێزی کار هەژمار دەکرێن، واتە لەتەمەنی نێوان(١٥ بۆ٦٥) ساڵە کە بەتەمەنی کارکردن ئەژماردەکرێت، رێژەی بێکاریی لە نێوان ئەم توێژەدا کە بە هێزی کاریش دادەنرێن لە(١٢٪) تۆمارکراوە بۆ هەمان ساڵ، ژمارەی دەستی کاری کەرتی گەشتیاریی (١٧٥٦٤) کرێکارە ئەمەش دەکاتە(٢٪) کۆی دەستی کاری ناوچەی توێژینەوە، هەروەها رێژەی(٣,٥٪) سەرجەمی دەستی کار پێکدەهێنێت، ئەمەش کەمترە لە پێوەری جیهانیی دەستی کاری کەرتی گەشتیاریی بە بەراورد بە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان، کە دەگاتە رێژەی(١٠٪)، سەبارەت بە هەڵگرانی بڕوانامەی پسپۆڕیی گەشتوگوزار ئەوا ژمارەیان دەگاتە(٦٠٠) کەس، ئەمەش دەکاتە رێژەی(٣٪)، واتە لەهەر سەد کەس کە لە کەرتی گەشتیاریی کاردەکەن لە ناوچەی توێژینەوە، تەنها(٣) خاوەن بڕوانامە یان پسپۆڕیی گەشتوگوزار و بوارە پەیوەندییدارەکانی گەشتیاریی هەیە، لەو ژمارەیەش(٢٤,٥٪) کە دەکاتە(١٤٧) کەس دەستی کاری پسپۆڕیی گەشتیاریی ناوخۆیی و (٧٥,٥٪) کە دەکاتە (٤٥٣) کەس دەستی کاری پسپۆڕیی گەشتیاریی دەرەکییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگیینەدانی دامەزراوە زانستییە ناوخۆییەکان بە بەشە پسپۆڕییەکانی گەشتوگوزار لە زانکۆ و پەیمانگاکان، هەروەها گرنگیینەدانی دامەزراوە گەشتیارییەکان بە دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی پسپۆڕیی گەشتیاریی ناوخۆیی، هەر لەبەر ئەمەشە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لە دامەزراوە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان کار دەکەن، یان پسپۆڕیی گەشتیاریی نین، یان دەستی کاری دەرەوەی ناوچەی توێژینەوەن، دواجار ئەمەش لێکەوتەی نەرێنیی دەبێت لە سەر گەشەی ئابووریی ناوچەی توێژینەوە.

خشتەی ژمارە(٢-٧)

دەستی کار بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان و دانیشتوانی چالاك لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان

| – | ژمارە | رێژە٪ |
|---|---|---|
| ساڵ | ٢٠٢٠ | – |
| ژمارەی دانیشتوان | ٩١١١٧٦ | – |
| ژمارەی دانیشتوان (هێزی کار) | ٥٩٢٦٦٦ | ٦٥ |
| دەستی کار لە تەواوی کەرتە ئابوورییە جیاوازەکان | ٥٢١٥٤٤ | ٨٨ |
| دەستی کار لە کەرتی گەشتیاریی | ١٧٥٦٤ | ٣,٥ |
| دەستی کاری کەرتی گەشتیاریی لە کۆی دانیشتوان | ١٧٥٦٤ | ٢ |
| دەستی کاری پسپۆری گەشتیاریی | ٦٠٠ | ٣ |
| دەستی کاری پسپۆری گەشتیاریی ناوخۆیی | ١٤٧ | ٢٤,٥ |
| دەستی کاری پسپۆری گەشتیاریی دەرەکی ی | ٤٥٣ | ٧٥,٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەستن بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای خەمڵاندنی دانیشتوان،

زانیاریـی بڵاونەکـراوە، ٢٠٢٠.

٢.فۆرمی راپرسیی.

دەرئەنجام:

١. ژمـارەی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی بـە گوێـرەی نوێتریـن داتـای بەردەسـت لـە سـاڵی ٢٠٢٠ بریتیـە لـە (٩١١١٧٦) کـەس، وە رێـژەی بێکاریـی لـە شـاری سـلێمانی دا لـە هەمـان سـاڵدا بەرزبوەتـەوە بـۆ (١٢٪)، کـە بەگوێـرەی داتـاکانی وەزارەتی پلاندانـان لـە سـاڵی ٢١٠٦ ئـەم رێژەیـە(١٠,٥٪) بـووە، هـۆکاری ئەمـەش بـۆ گەشـەی خێـرای دانیشـتوان، قەیـرانی ئابووریـی و بڵاوبوونـەوەی ڤایـرۆسی کۆرۆنـا دەگەرێتـەوە.

٢. کـەرتی گەشـتیاریی توانیویـەتی هەلـی کار بـۆ (١٧٥٦٤) کـەس برەخسـێنێت، ئەمـەش دەکاتـە رێـژەی (٢٪) سـەرجەمی دانیشـتوانی شـاری سـلێمانی، و لـە (٣,٥٪) سـەرجەمی هێـزی کار.

٣. کـەرتی گەشـتیاریی تەنهـا (٣,٥٪)ی هەلـی کاری رەخسـاندووە ئەگـەر بـەراورد بکرێـت بـە کـۆی کەرتـە ئابوورییـەکانی دیکـە، ئەمـەش لـە رێـژەی پێـوەری جیهـانی کەمـترە، چونکـە بەگوێـرەی داتـاکانی رێکخـراوی گەشـتوگوزاری جیهانیـی کـەرتی گەشـتیاریی (١٠٪)ی هەلـی کاری رەخسـاندووە بـەراورد بەکەرتـە ئابوورییـەکانی دیکـە.

٤. لـە تـەواوی خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییە جیـاوازەکان رێسـتۆرانت و خواردنگـەی خێـرا زۆرتریـن هەلـی کاری رەخسـاندووە بـە رێـژەی (٣٤,٩٪) کـە دەکاتـە (٧٣٩٠) دەسـتی کار، لەبەرامبـەردا سـەیرانگا گەشـتیارییەکان بەهـۆی کەمـی ژمارەیانـەوە کەمتریـن هەلـی کاری رەخسـاندووە بـە رێـژەی(٠,٥٪) کـە دەکاتـە (١٠٠) کـەس.

٥. تەنهـا (٣٪)ی دەسـتی کاری کـەرتی گەشـتیاریی خـاوەن بروانامـە یـان دەرچـووی پسـپۆری گەشـتوگوزارن، واتـە(٦٠٠) کرێـکار، بەشـی هـەرە زۆری ئەوانەشـی خـاوەن پسـپۆری گەشـتوگوزارن لـە دەرەوەی ناوچـەی توێژینـەوە هاتـوون بەرێـژەی(٧٥,٥٪).

٦. بەگوێـرەی توێژینەوەکەمـان نزیکـەی لـە(٥٢٪) دەسـتی کاری خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییە جیـاوازەکان هاوڵاتیـانی دانیشـتووی شـاری سـلێمانین، ئەمـەش ئاماژەیەکـی باشـی گەشـەی ئابوورییـە بـۆ دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە.

٧. لـە نـاو خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییە جیاوازەکانـدا شـاری یاریـی و ئوتێلـی پێنـج ئەسـتێرەیی رۆڵـی بەرچاویـان هەیـە لـە رەخسـاندنی هەلـی کار بـۆ ئەوانـەی بـە هێـزی کار ئەژمـار دەکرێـن.

## پێشنیار:

١. حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان و حکومـەتی خۆجێیـی سـلێمانی و دەسـتەی وەبەرهێنـان و کۆمپانیـا ناوخۆیـی و دەرەکییـەکان پێکـەوە کاربکـەن، بـۆ بەکارهێنـان و وەبەرهێنـانی دەرامەتـە سرووشـتیی و مرۆییـەکانی ناوچـەی توێژینەوە لـە پێنـاو گەشـەپێدانی کـەرتی گەشـتیاریی لـە شـاری سـلێمانی.

٢. خـاوەن دامـەزراوە خزمەتگوزارییـە گەشـتیارییەکان ناچـار بکرێـن بـۆ سـود وەرگرتـن لـە توانـاکانی دەسـتی کاری ناوخۆیـی، بـە تایبـەتی پشتبەسـتن بـە دەسـتی کاری ناوچـەی توێژینـەوە، وەکـو مەرجـی تازەکردنـەوەی مۆڵـەتی کارکردنی دامـەزراوە گەشـتیارییەکان جێگیـر بکرێـت.

٣. دەسـتی کاری بیانیـی سـنوردار بکرێـت و، رێگریـی بکرێـت لـە هێنـانی دەسـتی کار لـەدەرەوەی وڵات و مـافی مانـەوە

و نیشتەجێبوونی بۆ نوێ نەکرێتەوە، تەنها بە مەرج نەبێت وەکو گواستنەوەی ئەزموونی دەستی کاری دەرەکیی بۆ دەستی کاری ناوخۆیی.

٤. رێژەی باج لەسەر ئەو دامەزراوانە کەمتر بێت، کە زۆرترین دەستی کاری ناوخۆیی تێدا کار دەکات.

٥. گرنگییدان بە دەستی کاری پسپۆڕیی گەشتوگوزار و دانانیان لە دامەزراوە گەشتیارییەکان، لە رێگەی بایەخدان بە بەش و کۆلێج و پەیمانگا گەشتیارییەکان.

٦. بانکێک هەبێت بۆ پێدانی پێشیینەقەرز (سولفە) بۆ ئەوانەی دەیانەوێت پرۆژەی گەورە و بچووکی گەشتیاریی دابمەزرێنن.

٧. پلان هەبێت بۆ رێکخستن و زیادکردنی بۆنە و ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵی جۆراوجۆر، لە پێناو راکیشانی گەشتیار بۆ ناوچەی توێژینەوە.

## الملخص


أن السياحة ظاهرة مدنية وحضارية واجتماعية ونفسية تلبى وتشبع الحاجات الروحية والفيسولوجية للإنسان، فهي في نفس الوقت تعد ظاهرة اقتصادية مهمة ومؤثرة في مجال تقدم الاقتصاد في العالم، وفي مواجهة المشاكل الاقتصادية في مقدمتها مشكلة البطالة. في مدينة السليمانية كما في جميع مدن العراق بسبب نمو نسبة السكان الطبيعي من جهة والهجرة الجماعية من الأقضية والنواحي والقرى إلى المدن من جهة أخرى تزداد نسبة البطالة يوما بعد يوم، وهذا يستلزم ويتطلب استنهاض المجال السياحي وخدماته المتنوعة لايجاد فرص العمل للعاطلين عن العمل في المدينة، هناك علاقة وطيدة وقوية بين الخدمات السياحية وايجاد فرص عمل جديدة في مدينة السليمانية، حسب الإحصاحيات والمعلومات فإن جميع الخدمات السياحية بمختلف أنواعها استطاعت أن توفر فرص عمل لـ (١٧٥٦٤)شخصا، أي ما يعادل(٣,٥٪) من مجموع الأيدي العاملة، أي حوالي ثلث عدد الوظائف المتاحة في مجال النشاط السياحي مقارنة بمستوى العالمي، وهذا مايريد تقييم دورقطاع الخدمات السياحية في توفير فرص عمل لسكان المدينة و قوى العاملة فيها مع مستوى الخدمات السياحية في توفير فرص العمل خلال الفترة ٢٠٠٧ الى ٢٠٢٠ في سياق البحث العلمي القائم على البيانات والمعلومات المتاحة. أتبعنا منهج (التحليلي المقارن)، كما قمنا بتوزيع(٥٠) أستمارة الاستبيان على مختلف مؤسسات خدمات السياحية، مثل (الفنادق، المطاعم، كافتريا و المقاهي، مراكز التسوق و مدن الألعاب). وبناء على ضوء الإستنتاجات في الدراسة ينبغي الحكومة والجهات المعنية أم المختصة عناية كبرى بالقطاع السياحي من خلال رفع مستوى تخصيصات الاستثمارية السياحية و العمل المستمر لجذب أعداد متزايدة من السياح من خلال رفع مستوى الخدمات السياحية في المنطقة الدراسة.



الكلمات المفتاحية:

السياحة، السائح، الخدمات السياحية، البطالة، اليدالعاملة، مدينة السليمانية.

# Abstract

As it is known tourism Except that it is a phenomenon of civilization, society, and psychology and filling the spiritual and physiological needs of human, it is considered an important and effective economic phenomenon that plays a significant role in improving the economic sector of countries and facing up unemployment problems. In the city of Sulaymaniyah, as in all the cities of Iraq, due to the growth of the natural population on the one hand and the mass migration from districts, districts and villages to cities, the unemployment rate is increasing day by day, and this requires the awakening of the tourism field and its various services to find job opportunities for the unemployed in the city. There is a strong relationship between tourism services and job creation in Sulaymaniyah city. According to the data and information, all different tourism services were able to provide jobs for )١٧,٥٦٤( which gives (٪٣,٥) of total work opportunity in the city, this is about one-third of the number of jobs available globally. This wants to assess the role of the tourism services sector in providing job opportunities for city residents and the level of tourism services in providing job opportunities during the period from ٢٠٠٧ to ٢٠٢٠ in the context of scientific research based on available data and information. We followed the (comparative analytical) approach, and we also distributed (٥٠) questionnaires to various tourism service establishments, such as (hotels, restaurants, cafeterias and cafes, shopping centers and amusement parks)., and based on the light Conclusions in the study The government and the concerned or competent authorities should pay great attention to the tourism sector through raising the level and allocations of tourism investment and continuous work to attract increasing numbers of tourists by raising the level of tourism services in the study area.



Keywords:

Tourism, Tourist, Tourism services, Unemployment, Labor, Sulaymaniyah city.


## سەرچاوەکان


یەکەم: کتێب

١. الحوري، مثنى طه و الدباغ، اسماعيل محمد، أقتصاديات السفر والسياحة، الطبعة الأولى، مؤسسة الوراق للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٠.

٢. اینسکیپ، ادوارد، برنامەریزی گردشگری، ت.محمودحسن پور و سعیدداغستانی، چاپ چهارم، انتشارات مهکامه، تهران، ١٣٩٨.

٣. السيد، ريهام يسري، أسس صناعة السياحة، الطبعة الأولى، دارغيداء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٢٠.

٤. السيسي، ماهرعبدالخالق، مبادىء السياحة، الطبعة الأولى، مجموعة النيل العربية للنشر، القاهرة، مصر، ٢٠٠١.

٥. بن غضبان، فؤاد، الجغرافية السياحية، الطبعة العربية، داراليازوري العلمية للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٤.

٦. بن غضبان، فؤاد، السياحة البئيية المستدامة بين النظرية والتطبيق، الطبعة الأولى، دارصفاء للنشروالتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠١٥.

٧. ترايب، جان، انديشه‌هاى فلسفى در گردشگرى، ت.جعفرباپيرى، چاپ اول، انتشارات مهكامه، تهران، ١٣٩٥.

٨. زندى، ابتهال، برنامه ريزى وگراحى پايدار اكوتوريسم، چاپ اول، انتشارات مهكامه، تهران، ١٣٩٤.

٩. شێخانى، رۆژگار حمدأمين، الابعاد الاجتماعية والاقتصادية للتنمية السياحية فى اقليم كوردستان(دراسه تطبيقية في مدينة اربيل)، الطبعة الثانية، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠١٦.

١٠. عبدالعزيز، علاءالدين، جغرافية السياحة، مكتبة بستان المعرفة، الأسكندرية، ٢٠١١.

١١.عبدالقادر، مصطفى، دور الاعلان فى التسويق السياحى دراسة مقارنة، الطبعة الأولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروالتوزيع، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣.

١٢. گلدنير، چارس آر و ريتچى، جى آر برينت، گردشگرى، ت.على پارسائيان، چاپ اول، انتشارات آيلار، تهران، ١٣٩٨.

١٣. گلدنر، چارلز آر و ريچى، جى آر برنت، شناخت صنعت گردشگرى اصول، رويه‌ها و رويكردها، ت. حميد ضرضام بروجنى و ديگران، چاپ ششم، انتشارات مهكامه، تهران، بهمن ١٣٩٧.

١٤. قدمى، مصطفى و بايى، محمدغلاميان، اثرات گردشگرى(پيامدها، چارچوپ ها و سياست ها)، چاپ اول، انتشارات مهكامه، تهران، ١٣٩٣.

١٥. موسايى، ميثم، مبانى اقتصاد توريسم، چاپ سوم، انتشارات مهكامه، تهران، پاييز ١٣٩٨.

١٦. هولدن، اندرو، مگالعات گردشگرى وعلوم اجتماعى، ت.رضارضوانى پركند، چاپ اول، انتشارات جهاد دانشگاهى مشهد، مشهد، ايران، ١٣٩٤.

١٧. هوو، نوربرت فن، اقتصاد مقاصد گردشگرى، ت.افسانه شفيعى و مهراد كجوئيان، چاپ دوم، انتشارات مهكامه، تهران، ١٣٩٧.

١٨Inskeep, Edward, Tourism Planning(An Integrated and Sustainable Development Approach), New York, ١٩٩١.

دووەم: نامەی زانستیی

١. الأحمر، سيناء صباح مهدى، جغرافية السياحة الترويحية في دولة الإمارات المتحدة العربية، رسالة ماجستر(غيرمنشورة)، جامعة بغداد، كلية الاداب، ٢٠٠٤.

٢. أسبر، ميساء داود، تفعيل دورالسياحة في التنمية الريفية، أطروحة دكتوراه(غير منشورة)، جامعة تشرين، كلية الاقتصاد، جمهورية العربية السورية، ٢٠١٤.

٣. المنصوري، آمنة عبدالحميد صالح، تطور توزيع القوي العاملة النسوية على القطاعات الإقتصادية فى مدينة بنغازى، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، الأكاديمية الليبية، قسم الجغرافيا و تنمية الموارد، بنغازي، ليبيا، ٢٠١٩.

٤. بوعكريف، زهير، التسويق السياحي ودوره في تفعيل قطاع السياحة، رسالة ماجستير(غيرمنشورة)، جامعة

منتوري قسنطينية، كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية وعلوم التسيير، الجزائر، ٢٠١٢.
٥. سميرة، عميش، دور أستراتيجية الترويج فى تكييف وتحسين الطلب السياحي الجزائري مع مستوى الخدمات السياحية المتاحة خلال الفترة ١٩٩٥_ ٢٠١٥، أطروحة دكتوراه(غيرمنشورة)، جامعة فرحات عباس، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية وعلوم التسيير، الجزائر، ٢٠١٥.
٦.صالح، چراخان نصرالدين، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، ٢٠١٥.
سێیەم: گۆڤار
١.اسدپور، احمد على، بررسى رابطه صنعت توريسم بارشداقتصادى، فصلنامه علمى _پژوهشى جغرافيا(برنامەريزى منطقه اى)، سال هفتم، شماره٣، تابستان ١٣٩٦.
٢. ايمانى خوشخو، محمد حسين وديگران، تحليل أثرات اقتصادى گردشگرى ورودى بەشهرستان نور با استفاده از مدل گردش پولى، مجله گردشگرى، سال چهارم، شماره٧، زمستان ١٣٩٥.
٣.حميداتو، محمد الناصر و حميداتو، نصر، أثرالنشاط السياحي في الجزائر على النمو الاقتصادي، مجلة رؤي اقتصادية، جامعة الشهيد حمه لخضر، الوادي، الجزائر، العدد٩، ٢٠١٥.
٣. رسن، عباس فضل، تنوع مجالات الاستثمار السياحي في مدينة كربلاء المقدسة و دورها في معالجة البطالة، مجلة أهل البيت، العدد الخامس العشر، ٢٠١٤.
٤. نخجوانى، احمد غروى، بحران بيكارى در اقتصاد ايران، پژوهشنامه اقتصادى، دوره(٢)، شماره(٣)، پاييز ١٣٨١.
چوارەم: بڵاوکراوەی حوکومیی:
١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای خەمڵاندنی دانیشتوان، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.
٢. وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ و ١٩٨٧، محافظة السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي، بغداد.
٣. مديرية احصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبني الخدمية والارتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة٢٠٠٢.
٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی(الحصر والترقيم)، ٢٠١٠.
٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، مەزندەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەبەکارهێنانی پرۆگرامی دیموگرافی(spectrum)،ساڵی ٢٠٢٠.
٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری، زانیاری بڵاونەکراوە، ٢٠٢٠.
پێنجەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت
١. كريستوف لاكنر وآخرون، التقديرات المحدثة لتأثير جائحة كورونا على الفقر فى العالم، تقرير البنك الدولي، www.worldbank.org، ٢٠٢٠/٧/١٠.
٢.www.wttc.org